# گێچەڵکردن بە منداڵان نەوەیەکی مردوو بەرهەم دەهێنێت

شیوەن شێرزاد چالاکێکی بواری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە ناوەڕۆکی تەوەری ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، لە سەرەتای قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پێشهاتە سیاسی، ئابووری و ئاسایشییەکان، ڕەوشی کۆمەڵایەتییان ناهەموار کردووە. بۆیە ڕۆژانە گوێبیستی پەلامارە سێکسییەکانی سەر کچان دەبین»، گوتیشی: «ئەگەرچی بوون بە دایك و باوك خەڵاتێکی جوانە، بەڵام بەجێگەیاندنی ئەرکی گەورەکردن و پێگەیاندنی منداڵان لەم بارودۆخەدا زۆر قورسە، دایکان و باوکان ناتوانن بە تەنیا بەم ئەرکەیان هەڵسن. پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە تاك لە چۆنیەتی خاوەندارێتی ماددی و هزری لە ماف و ئەرکەکان بەپێی بەها سەردەمییەکان هۆشیار بکرێتەوە.»

شیوەن شێرزاد ڕایوایە: « نەبوونی سزای توند و سستی لە جێبەجێکردنی یاساکان وایانکردووە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ڕەگەزی مێینە، بەتایبەتی منداڵانی کچ لە زیادبووندا بێت، وەکو ئەوەی لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینین و دەیبیستین.» گوتیشی: «دایکان تاکو منداڵەکانیان لە خوێندنگە دەگەڕێنەوە نیگەرانن، بەهۆی نەبوونی ئەندامانی ئاسایش لەنێو خوێندنگەکان و لە نزیك خوێندنگەکان، هەروەها نەبوونی هۆی گواستنەوەی تایبەت بۆ خوێندکاران و وانەی تایبەت لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن بەتایبەتی بۆ کچان کە هۆکاری سەرەکین بۆ ڕوودانی ئەم حاڵەتانە. هەروەها بڵاوکردنەوەی بێ کۆنترۆڵی زنجیرە دراما بیانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی لادانی پێوندییە کۆمەڵایەتییەکانن. کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگە بە مەدەنی نەبوونە، واتە لەلایەك ئەقڵییەتی خێڵەکی، لەلایەکی دیکەوە پەرەسەندنی خێرای بەکاربردنی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی گەیاندن، تاکی دووچاری ئاڵۆزی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا کردووە. لە یەك کاتدا چەندین جۆرە کەلتوور تێکەڵ بە یەك بوون، بەبێ ئەوەی تاك توانای لێکدانەوەی زانستییانەی هەبێت بۆ تێگەیشتن لەم کەلتوورە جیاوازانە. بە واتایەکی دیکە ئەقڵییەتی تاك و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم بە هاوتەریبی یەکتر پێش نەکەوتوون، تاکی ئێمە لە کارەکتەری تەکنۆلۆژیای نوێی گەیاندنی سەردەم تێنە گەیشتووە، ئەمەش دەرگای لە بەردەم گەلێك کێشەی کۆمەڵاتیدا کردۆتەوە.»

فەرهاد چۆمانی ڕۆژنامەنووس و مامۆستای قۆناخی بنەڕەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی یاسادان بۆ کەمکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یاسای ژمارە (٨)ی لە ساڵی ٢٠١١ دەرکردووە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەك بەو ناوە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان بوونی هەیە و ئەنجومەنی خانمان و چەندین ڕێکخراومان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی هەیە، بەڵام ئێستاش لەسەر شەقام و کۆڵانەکان کچانی مێرمنداڵ دەبینین کە سواڵ دەکەن. زۆربەی ئەو منداڵە کچانەی کاری دەستگێڕی و سواڵ دەکەن لەلایەن شۆفێر و کوڕە گەنجەکان و زۆرجار لەلایەن خودی ماڵەکانەوە ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، هەندێ جار گێچەڵی سێکسی بۆ ناو پەروەردە و قوتابخانەکانیش دەگوازرێتەوە، بەداخەوە ئەم ڕووداوانە لەلایەن قوتابی بۆ قوتابی و تەنانەت مامۆستا بۆ قوتابییش ڕووی داوە. کچانی خوار تەمەنی ١٠ ساڵ کە تووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە و لەلایەن پیاوانەوە پەلامار دەدرێن، لە حاڵەتێکی وادا ناتوانن، یان ئەوەندە هۆشیارییان نییە کە پەنا بۆ شکاتکردن ببەن، هۆکارەکەشی زیاتر ترسە لە خێزان و دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی.».

چالاکی مافی مرۆڤ کەژاڵ هۆرمزیار، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەمتەرخەم نەبووە لە گرنگیدان بە منداڵان و پاراستنیان و پرسی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان بە یەکێك لەو پرسە گرنگانە دادەنرێت کە لە نێو ئەجندای چالاکیی بواری مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاواییشدا جێگەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لایەنە پێوەندیدارەکان سەبارت بەم پرسە کەمتەرخەمییان کردووە، تەنانەت زۆر جار بوونی ئەم حاڵەتانە ڕەددەکەنەوە و ئاماری ورد و دروستی ئەم بابەتە لە نێو داتا و زانیارییەکانی حکومەتدا دەست ناکەوێت، چونکە پێیانوایە دەرکەوتنی تاوانی لەمجۆرە لەناو کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی هەژاندنی ڕای گشتی.»

لە لای خۆیەوە د. شەونم بەرزنجی پسپۆڕی دەروونی بەمجۆرە باسی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵ دەکات و دەڵێت: «بەداخەوە ئەوە نە لە کۆمەڵگەی خۆمان و نە لە کۆمەڵگەکانی دیکە دیاردەیەکی نامۆ نییە و کەسانێك هەن بۆ تێرکردنی حەزەکانیان پەنا دەبەنە بەر تاوانی پەلاماردانی منداڵ، کە یان زمانی هەڕەشە، یان زمانی پیاهەڵدان بەکاردێنن و هەرکاتێ گەیشتنە مەرامە قێزەوەنەکانیان ڕەنگە زمانێکیتر

> پێویستە پرۆژە یاسایەک پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی یاسایەکی تایبەت بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانییەکانی ئەو تاوانە دەربکرێت

> بەپێی توێژینەوەکەی گریگۆری دیکسۆن ٤٩٪ی ئەو کەسانە بە جۆرێک دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، لە منداڵیدا گرفتی پشتگوێخستنیان هەبووە

> پێویستە دایک و باوەکان ئەوەندە سۆز و خۆشەویستی و متمانە بە منداڵەکانیان بدەن، تاکو لە هەر ڕووداوێک لە ژیانیاندا ئاگاداریان بکەنەوە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**هەر جۆرە دەستدرێژییەك بۆ سەر هەر بوونەوەرێك دوورە لە بەهاكانی مرۆڤایەتی و لە ئاستی دەوڵەتانی جیهاندا دەستدرێژیكردن بە تاوانی گەورە دادەنرێت و سزای قورسی هەیە، بەتایبەتی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان كە كاریگەرییەكی ترسناكی لە سەر كەسایەتی و داهاتووی منداڵەكە دەبێت. رێكخراوە جیهانییەكانی پاراستنی مافەكانی منداڵ، دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ بە «قوربانی بێدەنگ» ناو دەبەن. دیاردەی دەستدرێژیی سێكسی بۆ سەر منداڵان، جگە لە رووخاندی كەسایەتی و ئاڵۆزكردنی باری دەروونیی منداڵەكە، دایكان و باوكانیش تووشی شۆك و خەمۆكی و لەوانەیە تووشی نەخۆشی دەروونیشیان بكات. ماددەی ۳۹۳ لە یاسای سزادانی عێراقی كە تایبەتە بە دەستدرێژیكردنە سەر منداڵ، ئەو ماددەیە سزای هەتاهەتایی و تەنانەت لەسێدارەدان لەخۆدەگرێ. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دەكەن.**

بەكاربێنن. گەلێ هۆكاریش هەن هاندەری ئەم بارەن و گرنگترینیان كەسێتی ئەو تاكەیە كە ئەم تاوانە دەكات و بوونی بارێكی نەخۆشی (پیدۆفیلیا)یە، واتا ئارەزووی سێكسی لەگەڵ منداڵ. تاكی دەستدرێژكەر زۆرجار لە منداڵیدا لە رووی جەستەیی، یان سۆزداری بە خراپی رەفتاری لەگەڵدا كراوە. بەپێی توێژینەوەكەی گریگۆری دیكسۆن ٤٩٪ی ئەو كەسانە بە جۆرێك دەستدرێژی سێكسیان كراوەتە سەر، لە منداڵیدا گرفتی پشتگوێخستنیان هەبووە.

ئەو دەروونناسە جەختی لەوە كردەوە كە «قوربانییەكە لە نێوان دوو فشاری بەردەوامدا ژیان دەباتە سەر، لەلایەك فشاری ترس لە باوان گەر بەم كارە بزانن و لە لایەكی ترەوە ترس لە دەستدرێژیكار كە بەردەوام هەڕەشەی لێدەكات، بۆیە جگە لەوەی هەست بە سووكایەتی پێكردن دەكات، دوور نییە تاكێكی دوورەپەرێزی لێدەربچێ و تووشی خەمۆكی و دڵەڕاوكێ و زەبری دەروونی ببێت». رێكارەكانی رێگری لەو تاوانەشی بەمجۆرە دەستنیشان كرد: «پێویستە دایك و بابەكان ئەوەندە سۆز و خۆشەویستی و متمانە بە منداڵەكانیان بدەن، تاكو لە هەر رووداوێك لە ژیانیاندا ئاگاداریان بكەنەوە. و دەبێ دایك هێندە لە كچەكەیەوە نزیك بێت وەكو هاوڕێیەك رەفتاری لەگەڵدا بكات.هەروەها پێویستە باوان بزانن چۆن رەفتار لەگەڵ منداڵەكەیان بكەن كە بۆتە قوربانی، لە كاتی وادا نابێت باوان بە هیچ شێوەیەك سەرزەنشتی منداڵەكەیان بكەن و دەبێت هەوڵ بدەن رووداوەكەی لەسەر ئاسان بكەن، نەك ئاڵۆزتری بكەن. هەروەها پێویستە سەردانی پزیشكی دەروونی و جەستەیی پێبكەن. دەبێت بە نەرمی نواندن هۆشیاربكرێتەوە سەبارەت بە ترسناكی و ئاكامەكانی ئەو كارە، تاوەكو دووبارەی نەكاتەوە. قوربانیی دەستدرێژیی سێكسی نابێت وەكو تاوانبارێك سەیر بكرێت كە دەبێ سزا بدرێت، بەڵكو قوربانییەكە پێویستی بە چاودێری و یارمەتی و دڵنەوایی زیاتر هەیە. دەبێت یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی باوەڕی بەخۆی بۆ بگەڕێتەوە.

شیوەن شێرزاد وەك وەك چارەسەر و رێكارەكانی نەهێشتنی ئەو جۆرە تاوانە و بۆ پارێزگاریكردن و پێگەیاندنی نەوەیەكی تەندروست و بوێر بە پێویستی دەزانێت، «پەرلەمان یاسای توند دەربكات بۆ پاراستنی رەگەزی مێیینە لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە و توندوتیژییەی كە هەیە، هەروەها دەزگای راپەڕێنەریش جددی بێت لە جێبەجێكردنی یاساكانی لەمجۆرە. بۆ ئەمەش دەبێ رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتی رێكخراوەكانی ژنان، مافپەروەران و میدیاكاران ببنە هۆكاری گوشار لەسەر هەر دوو دەزگای یاسادانان و راپەڕاندن بۆ بنبڕكردنی ئەم دیاردە ترسناكانە. پێویستە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەنێو خەڵك و لە رێی هوشیاركردنەوەی تاك كار بۆ چارەسەری ئەم پرسانە بكەن، نەك تەنیا كۆبوونەوە لە هۆتێلە پێنج ئەستێرەكان و باسكردنی كێشەكە بۆ كەسانی ئامادەبووی كۆڕ و سمینارەكان، ئەوە نیشانەی دووركەوتنەوەیە لە خەڵك و رواڵەتە نێگەتیفەكان بنبڕ ناكات.»



# دایکی شەهیدێک بەسەرهاتێکی دەگمەن و تەژی لە هزری نەتەوەی دەگێڕێتەوە

دایکان هەردەم سەرقاڵو سەرمەشقی پەروەردەکرنی رۆڵەکانیان بوونە بە هزری نەتەوەیی و خۆشەویستی و نیشتمان و فێری قوربانیدانیان کردوون لەو پێناوەدا و هەمیشە شانازی بە رۆڵی فیداکارانایان کردووە. بۆیە خوازیار بووین ئەم چیرۆکە هەژێنە و پڕ لە پەندە بخەینە بەردەستی خوێنەرانی گوڵان.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لـە هەولێـری پایتەختـی باشـووری کوردسـتان بـە دەگمـەن بەفـر دەبـارێ، لـێ لـەم چەند ڕۆژەی دواییـدا، ئێوارەیـەك تروکە تروکە بەفر لە ئاسمانەوە بەسەر شەقامەکانی شاردا گلار دەبووەوە. عەرد تەڕ بوو، چی بەفر دەباری، بە هۆی تەڕبوونی زەوی دەبووە هەڵم و نە شـەقام و نە ڕەسـیفی سـپیپۆش نەدەکرد. لە شێلوی ئەو بەفر و بارانـەدا، لـە بـەردەم گەراجـی نێودەوڵەتـی هەولێـر، ئافرەتێکی بەسـاڵاچوو دەسـتی هەڵبـڕی. نەمزانـی بۆ وا لە پڕ پێم لە سـەر «سـتۆپ» دانا.. ڕاوەسـتام. داوای ناونیشـانێکی کرد، یەك دوو ژمـارە مۆبایل-یشـی کـە لـە سـەر پارچـە کاخەزێـك نووسـرابوو، پـێ پیشـان دام. چەنـد جار تێلـم کرد. وەڵام نەبـوو. گوتم: دایکە سەرکەوە، خوا گەورەیە، قابیلە، هەر دەیدۆزینەوە!

پیرەژنێکی ڕوخسار نوورانی بوو. نازانم بۆچی، بەڵام لە چرکەیەکدا هەسـتێکی دایکانـەی لـە لام درووسـت کـرد. من لە مێژسـاڵە لە نازی دایك بێبەش بووم. مێرمنداڵ بووم، دایکم کۆچی دوایی کرد و لـە بەردەسـت ئامـۆژن گەورە ببـووم. بۆیە زۆرم خەم خوارد و لە کانگای دڵەوە حەزم دەکرد، بە جگەرگۆشەکەی شادی بکەمەوە. مەبەستیشـم پـارە نەبـوو. ئەو شـەوە زۆر گەڕاین، نە بە ناونیشـان و نـە بـە ژمارە مۆبایلـەکان نەمانتوانی کوڕەکەی بدۆزینەوە. وەك باسـی کرد، هاوسـەرەکەی لە پێناوی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد شـەهید ببوو، واتە ئەو هاوسـەری شەهیدێکی ئەو کوردستانە بوو، بۆیە نەدەکرا بەو نیوەشەوە حیسابی بۆ نەکەم. کاتێك سەر کەوت و سەری قسەکردنمان کردەوە، زۆر نهێنی ژیانی خۆی بۆم باسکرد. ژنێکـی نیشـتمانپەروەر، ئـاڵای کوردسـتانی لـە سـەر یەخـەی هەڵواسـیبوو، لە وڵاتێکیشـەوە هاتبوو، کە دەسـەڵاتەکەی نەك ئەو ئاڵایەیـان قبـووڵ نییـە، بگـرە ئەوانەشـی بڕوایـان پێـی هەیە، بە توندی سزایان دەدەن.

چـرچ و لۆچـی ڕوومەتـی ئـەو دایکـە پیـرە، خـەم و پەژارەکانی ژیانی ڕابردووی بەرجەسـتە دەکرد، لەگەڵ هەموو ئازارەکانیشـی زۆر بـە وره و خۆڕاگـر بـوو. دوای گەڕانێکـی زۆر بـە زمانێکی سـادە و سـاکار گوتی: «کوڕم هەولێر زۆر گۆڕاوە، پێش دە سـاڵ هاتم سـەردانێکی کوڕەکەم کرد، ئەم شـارە وا جوان و ڕازاوە نەبوو، ئێستا زۆر گۆڕاوە. شەقامەکان ناناسمەوە.»

ئەو دایکە خۆنەویستە پەیتا پەیتا دەیگوت: «کوڕەکەم دڵنیام هەر لەم شـارەیە، خەتای خۆم بوو، نەمویسـت بزانێ سـەردانی دەکەم، ویسـتم هەتـا لـە دەرگەی ماڵەکەی دەدەم، ئـاگای لەوە نەبێت کە دایکی سەردانی دەکات.» زۆرم قسە بۆ کرد تا ڕازیم کرد من بە کوڕی خۆی بزانێت و تا سبەی بە ماڵی خێزانیم قەناعەت بکات. ئەو شـەوە تا نزیکەی بەرە بەیان خۆم و هاوسـەرەکەم خەو نەچووە چاومـان. ئـەو خاتوونـە بەڕێـزە هەنبانـەی نهێنییەکانـی ژیانـی تایبەتی خۆی بەمجۆرە بۆمان باس کرد:

« من کچێکی نەخوێندەواری لادێ بووم، مامۆستای گوندەکەمان کوڕێکی کەشخە و جوان بوو. هەموو خەڵکی گوندەکەمان ڕێزیان دەگرت. کەسێکی لەسەرخۆ و هێدی و زانا و زۆر بەڕێز بوو. زۆر کەس لە پیاوماقووڵانی گوندەگەمان هیوایان دەخواست خزمایەتی لەگـەڵ بکـەن. کەچـی ئەو دڵـی خۆی بە من دابـوو. من ئاگام لـەو سـۆزە یەکلایەنـە نەبـوو. کانیـاوی گوندەکەمـان لە تەنیشـت قوتابخانەکـە بـوو. هەموو بەرەبەیانییەك چەند جار دەچوومە سـەر کانیاوەکە و گۆزەکانم بۆ مەڕوماڵت پڕ لە ئاو دەکرد. ئەوەی بیرم لـێ نەدەکـردەوە، ئـەوە بوو کە ئەو مامۆسـتایە دڵـی لە لای منی نەخوێنـدەوار بـێ. کیژی کوێخای گوندەکەمان زۆر لە من جوانتر و باڵابەرزتـر و چاوگەشـتر بـوو. ئـەو قوتابـی زانکۆ بـوو. خەڵکی گوندەکەمـان بـە «خانـم دکتـۆر» بانگیـان دەکـرد، کەچـی هەموو ئاواتی ئەوە بوو، ببێتە هاوسەری مامۆستای گوندەکەمان، بەڵام ئەو مامۆستایە هەر حیسابی بۆ نەدەکرد. ڕۆژێك کچێکی دەستەخوشکم کە کچی مەلای گوندەکەمان بوو، کاتی مەڕدۆشـین لە شـاخ پێی گوتم: «سارا مامۆستای گوند دەیەوێ بێتە خوازبێنیت». بێریڤان گوتـی: «کچـێ، خـوا دەرگـەی بەختی بـۆت کردووەتـەوە، یەك و دووی لـێ مەکـە و ناوی خوای لێ بێنە. منیش گوتم: «خوشـکە چۆن شـتی وا دەبێ؟ من نەخوێندەوورام و ئەلف و بێ ناناسـم، چۆن ئەومامۆستایە کچە پزیشکێك بە منی نەخوێندەوار دەگۆڕێتەوە؟»

قسەی بێریڤان ڕاست دەرچوو، سەیرم دەکرد، مامۆستای گوند زۆر سـەرنجی منـی دەدا. ئـەو کات مۆبایـل و شـتی وا نەبـوو. ئەویـن و خۆشەویسـتی تەنیـا بـە چاودا دیـار بوو. کەس فێـڵ و تەڵەکەی نەدەزانـی. ڕاسـتیەکەی منیش دڵم لای خۆم نەمابوو. مامۆسـتای گونـد هـەردەم لـە نـاو بیـر و هۆشـمدا بـوو. خەڵکی ئـەو کات زۆر شـەرمن بوون. لەگەڵ ئەوەشـدا مامۆسـتای گوندەکەمان ڕۆژێك لە نـاکاو هاتـە پێشـم و گوتـی: «سـارا دەمـەوێ بێمـە خوازبێنیت، بە مـن ڕازی دەبـی؟». نازانـم بۆ دڵم وا داخورپا و لە شـەرمان سـوور هەڵگـەرام. بـەڵام ئەوەنـدەم غیـرەت کرد و گوتـم: «جا کچ هەیە بە پیـاوی جوامێـری وەك تـۆ ڕازی نەبـێ؟». ئـەو شـەوە تا سـپێدەی بەیـان خـۆم سەرزەنشـت کـرد. وامدەزانی سـنووری خـۆم بەزاندووە. خۆم بە شەرمەزاری باوك و براکانم دەزانی. بەڵام هێندەی پێنەچووە مامۆسـتا و کەسـوکاری هاتنـە خوازبێنیم. خوای گـەورە کارەکانی ڕێکخسـت و مـن چوومـە ماڵی مێـرد و ژیانێکی پڕ لـە کامەرانی و بەختەوەریمان دەسـت پێکرد. کوێخای گوندەکە بەهەموو شـێوەیەك دژایەتی ئەویندارێ ئێمەی دەکرد. مێردەکەمی بە گرتن دا. تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵی کە مێژووی خەباتی کورد بۆ قوتابییەکانی باس دەکات و هانیـان دەدات، بیـر لـە سـەربەخۆیی کوردسـتان بکەنـەوە. چەند ساڵ هاوسەرەکەم لە گرتووخانە مایەوە. کوڕەکەم تەنیا لە پشت جامخانەی زیندانەوە دەیتوانی باوکی ببینێ. ساڵ هات و ڕۆیشت، کوڕەکـەم تەمەنـی گەیشـتە ١٤ سـاڵ ئینجـا مێردەکـەم ئـازاد کرا. هێشـتا چێژمان لە ڕزگاربوونەکەی نەبینیبوو، هاوسـەرکەم ڕۆیشـتە شـاخ و بوو بە پێشـمەرگە، وەك فەرماندەیەکی نەبەرد لە شـەڕێکدا شـەهید بـوو. کـوڕە مێرمنداڵەکـەم هەردەم پرسـیاری باوکـی دەکرد، ئەویـش وەك باوکـی عاشـقی وڵاتەکـەی بوو. بۆیە هـەر زوو دایکە تەنیاکەی بە جێهێشـت و بوو بە پێشـمەرگە. ئەوەتا زیاتر لە بیسـت ساڵە تەنیا دوو جار کوڕەکەم بینیوە. دەساڵ پێش ئێستا سەردانم کرد، وتی: دایکە گیان سەنگەری پێشمەرگەبوونم ون نەکردووە، بەڵام ئەم کوردە بێ وڵاتە، پێویسـتی بە پێشـمەرگەی نووسەریشـە، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات نێوماڵی کورد یەك بخرێت و نەریتە سوواوەکان و کۆنەڕق و یەکتر بوغزاندن لە هزری سەرکردایەتی کورد دوور بخاتەوە.

ئـەو دایکـە نموونەییـە زۆر شـتی باس کـرد، دەیان جار فرمێسـکی هەڵوەرانـد، خەمەکانـی زۆر قـووڵ بـوون، شـەو کۆتایـی هـات و لە سپێدەی ڕۆژی دواتردا پێکەوە گەشتەکەمان دەستپێکرد. شەو داهات و هەواڵمان بۆ هات و وتیان: سەردار تاقانەکەی دایە سارا لە شەڕی تیرۆریسـتانی داعشـدا دوای نەبەردێکی جوامێرانە شـەهید بووە. بە هەوڵێکی زۆر مەزاری سـەردارمان دۆزییەوە. چووینە گۆڕسـتانی شـەهیدان و دایە سـارا گڵکۆی کوڕەکەی توند لە ئامێز گرت و لە بـری گریـان، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: زۆر سـوپاس تاقانەکەم کە منت شەرمەزاری بابت نەکرد...

کوێخای گوندەکە بەهەموو شێوەیەک دژایەتی ئەویندارى ئێمەی دەکرد. مێردەکەمی بە گرتن دا. تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵی کە مێژووی خەباتی کورد بۆ قوتابییەکانی باس دەکات و هانیان دەدات، بیر لە سەربەخۆیی کوردستان بکەنەوە

چەند ساڵ هاوسەرەکەم لە گرتووخانە مایەوە. کوڕەکەم تەنیا لە پشت جامخانەی زیندانەوە دەیتوانی باوکی ببینێ. ساڵ هات و ڕۆیشت، کوڕەکەم تەمەنی گەیشتە ١٤ ساڵ ئینجا مێردەکەم ئازاد کرا

هاوسەرکەم ڕۆیشتە شاخ و بوو بە پێشمەرگە، وەک فەرماندەیەکی نەبەرد لە شەڕێکدا شەهید بوو. کوڕە مێرمنداڵەکەم هەردەم پرسیاری باوکی دەکرد، ئەویش وەک باوکی عاشقی وڵاتەکەی بوو. بۆیە هەر زوو دایکە تەنیاکەی بە جێهێشت و بوو بە پێشمەرگە

# ئافرەت بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی ڕەچەشکێنی دەکات



زۆر جار چالاکانی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دواخستنی ئافرەت بە هۆکاری نەریتی کۆمەڵگا و بەردخستنە سەر ڕێگەیان لە بەشداری سیاسی و ئابووری، وڵات و نەتەوەیەکیش دوادەخات، هاوکات بەپێی هەوڵەکانی ئافرەت بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی، سەلمێندراوە کەوا متمانەی تەواوی بە تواناکانی خۆی هەیە و بێ گوێدانە ئاستەنگەکان هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئەم پرسە هەیە.

سەرەتا نەجیبە مەحمود وەك رۆژنامەوان و چالاكی بواری مافەكانی ئافرەت باسی ئەوە دەكات كە «ژن هەمیشە لە ئامانج و هەنگاوەكانی بەرەو بەدیهێنانی خەون و خولیاكانی، پرەنسیپە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەكانی لەبەرچاو گرتووە، لەو بوارەشدا بەرامبەر بە تواناكانی زۆر راستگۆ بووە، زۆرجاریش باجی ئەو راستگۆییەی داوە».

ئەو چالاكە مەدەنییە بە پرسیارێك درێژە بە ئاخافتنەكەی دەدات و دەڵێت: «گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بكەین، ئایا سیستمی پەروەردە تا چەند یارمەتیدەر و رێگەخۆشكەر بووە بۆ بەهێزكردنی متمانە بەخۆبوون لە ناو تاكەكانی كۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی؟ بێگومان سیستمی دەسەڵات لە هەموو جومگەكانی ژیان بە تایبەتی لە وڵاتانی دواكەوتوودا هیچ كات لە بەرژەوەندیی ژن نەبووە، تا بتوانێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی مومارەسەی ویستەكانی خۆی بكات، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ بڵێین: ئەگەرچی هەموو بەربەستە كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و یاساییەكان رێگرییان لە پێشكەوتنەكانی رەگەزی مێ كردووە، بەڵام ژنان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان بەردەوام هەوڵی خۆیان داوە.»

هێمن فەرید چالاكی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێستا كۆمەڵگەی كوردی بە رووی جیهاندا كراوەتەوە و چیتر نابێت لۆكاڵییانە بژین و دەبێت لەگەڵ پێشكەوتنەكانی دنیا هاوتەریب بین، هەروەها نابێت كۆمەڵگەی ئێمە لە كۆمەڵێك سێكتەر جیهانییانە بێت و لە كۆمەڵێك سێكتەری دیكەش لۆكاڵییانە بێت.» بە بڕوای هێمن «پرسی ئافرەت و بەشداریكردنی لە گشت جومگە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان بووەتە پێوەری پێشكەوتنی زۆربەی وڵاتانی دنیا و ئافرەت وەك مرۆڤ سەیر دەكرێت و جیاكاریی رەگەزی و ئایینی و ئایدیۆلۆژیایی بەلاوە نراون.» گوتیشی: «سەردەمی ئەوە نەماوە ئافرەت تەنیا وەك میكانیزمێكی بەكاربەر و ئامرازێكی دەستی پیاو سەیر بكرێ، نیوەی پێكهاتەی كۆمەڵگەی ئافرتن و ناكرێت ئەو هێزە فراوانە فەراموش بكرێت، دەبێت لە هەرێمی كوردستانیش كار لەسەر ئەوە بكرێت كە ژنان لە ناوەندەكانی بڕیار دەستی راستەوخۆیان هەبێت، بەتایبەتی كە ئافرەتی بەتوانامان زۆرە و پێویستە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەسەر بنەمای پسپۆڕی و بە رێژەی خۆی پلەی وەزیری و بەڕێوەبەری گشتی و راوێژكار و خەبیریان پێبدرێت.»

هێمن فەرید لە درێژەی قسەكانیدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە «لە كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵێك سێكتەر هەیە، دەبێت دەستی راستەوخۆی ئافرەتی تێدا بێت، وەك چاكسازی و بەندیخانەكانی تایبەت بە ژنان و دامەزروەكانی تایبەت بە توندوتیژی ژنان، چونكە لە روانگەی دەروونییەوە ژن چاكتر خوێندنەوەی بۆ كێشەكانی ژن دەبێت، هەروەها لە ئەنجومەنی دادوەری كە ژن زۆر فەرامۆش كراوە، پێویستە بەشدارییان هاوتەریب بكرێت. ئەوجا ئەگەر ئەو دەرگایە كرایەوە و بە یاسایەك رێكخراوە، دەكرێ لە هەموو دامەزراوەكانی حكوومی پۆستی هاوشانی پیاو بۆ ژنیش هەبێت، ئەوەش وادەكات وەك سەرەتایەك ژن پێگەی خۆی توندوتۆڵ بكات و سنووره نەریتی و كۆمەڵایەتی و سیاسییە خراپەكان لەسەر ژن تێكبشكێنێت، لە ماوەی چەند ساڵێكیش ژنانی لێهاتوو زیاتر دەبن و دەتوانن بە لێوەشاوەیی خۆیان پۆست وەربگرن. ئەو كاتە ژنان دەستی باڵایان دەبێت لە هەموو جومگەكان و كاری زیاتریش بۆ دەستەبەری مافەكانیان دەكەن و رێژەی كێشەكانی تایبەت بە توندوتیژی دژی ژنانیش بەرەوە كەمبوون دەچێت.»

نووسەر و شاعیر جەمال شارباژێڕی، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە لە هەموو بوارەكاندا لەگەڵ ئازادی و پێشكەوتنی «ئەفرۆدیت»ـە. گوتیشی: «لە شیعرەكانمدا زۆر ئاماژەم بە ئەفرۆدیت كردووە، پێموایە ئەگەر دەسەڵاتە گرنگ و هەستیارەكانی دەوڵەت بدەنە دەست ئەفرۆدیت ئەوا زۆر بە رێكوپێكی بەڕێوەی دەبات، لەلایەكی دیكەوە ئەفرۆدیت هەمیشە لە رەگەزی بەرامبەر دڵسۆزتر و بە رەحم و بە ویژدانترە، بۆیە شایانی ئەوەیە تەنانەت سەرۆكی وڵات بێت، بۆچی نا، ئەوەتا هیلاری كلینتۆنی ئەمریكی خۆی دەپاڵێوێت بۆ بە دەستهێنانی پۆستی سەرۆكایەتی وڵاتەكەی، ئەوەتا سەرۆكی ئەڵمانیا ژنە و وڵاتێكی گەورە و گران بەڕێوەدەبات، بەڵام چی لە هەندێك خێزانی دواكەوتوو دەكەیت كە پەروەردەی سەقەتیان دەبێتە میكرۆبی ناو كۆمەڵگە؟»

حەسەن قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهیدانی قڕگە، رایوایە «بە درێژایی هەموو چاخەكان ئافرەت هەمیشە زیاتر لە پیاوان بڕوای بە ئازادی و كرانەوەی زیاتر بووە و ئاشتیخواز و ژیاندۆست و هەستیارتریش بووە. هەر ئەوەش وایكردووە هەمیشە پیاوان شێتگیرانە عاشقی ژنان بن، چونكە لەڕاستیدا سروشتی ئافرەت لەچاو شەڕەنگێزی پیاودا فریشتەیەكی سروشتی ڕاستەقینەیە، ئەگەر لە رووی ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگیشەوە سەیر بكەین، جلی ژنان رەنگاوڕەنگ و پڕژیانە، دەنگی ئافرەت ناسك و مۆسیقی و سروشتییە، سەرباری داگیركاری كەلتووری ئایینی و خێڵایەتی هەزاران ساڵە ژنان لەچاو پیاوان زۆر عاقڵانەتر لە ژیان دەڕوانن و ئاشتیخوازتر و ژیاندۆستترن. هەروەها لەكۆمەڵگە نەریتییەكان ژنان هەمیشە كوژراون و بكوژ نەبوون، ئازادی لێزەوتكراو بوون، نەك ئازادی زەوتكەر، كەواتە هەر بەشێوەی مۆدێلی جلوبەرگیش بێ ژنان زۆر پیش پیاوانن لە مەدەنییەتدا، ژنانی كورد لە گەشەكردنێكی بەردەوامدان بەرەو ئاشتكردنەوەی هەمووان لەگەڵ ژیاندا.»

رۆژنامەنووس فەرهاد بلباس سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت كە دەڵێن: ئافرەت نیوەی كۆمەڵە، بەڵام بە بۆچوونی من لەم كاتەدا دەكرێ ئەم رستەیە بخرێتە ناو رستە ناڕاستەكان، چونكە لە رێژەی ئافرەت بەراورد بە پیاوان، بەتایبەتی لە وڵاتانی پڕكێشە و شەڕدا جیاوازییەكی یەكجار زۆر دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بە بێ گوێدانە داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان ئەو بەربەستە پۆلایینەیان شكاندووە كە ئافرەتی تیا گەمارۆ درابوو. بەتایبەتی ئافرەتانی كورد كە لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ـەوە زیاتر هاتنە ناو گۆڕەپانی چالاكییە سیاسییەكان و زیاتر بوونی خۆیان سەلماند، لەم دواییانەش ئافرەتی كورد بە شێوەیەك بەرچاو كەوت كە بووە مایەی سەرسووڕمانی هەموو جیهان، كاتێ روویان كردە بەرەكانی جەنگ و چەكی كوردایەتییان لە دژی دڕندەكانی داعش لە شان كرد، گەرچی ئەمە شتێكی نوێ نەبووە لە كۆمەڵگەی كوردەواری و بە درێژایی خەباتی شاخ ئافرەتی كورد رۆڵی بەرچاوی لە خەبات و قوربانیدان هەبووە. بەگشتی ئافرەت ئەوەندە لاواز نییە كە نەتوانێ پشت بەخۆی و تواناكانی ببەستێت، بەڵام لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەك دیكە جیاوازی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو نەریتە ناتەندروستەی كە تاوەكو ئەمڕۆ لە زۆربەی ناوچەكان بوونی هەیە».

فەرهاد بلباس لە كۆتایی قسەكانیدا جەختی لەوە كردەوە كە «بوونی ئەو هەموو ئافرەتە لە ریزی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچووی كوردستان، ئەو راستییە دەسەلمێنن كە ئافرەت گوێ بەو بەربەستانە نادات و تەوقی نەریتە ناڕەواكانیان شكاندووە. لەساڵانی داهاتووش چاوەڕوانی زیاتریان لێ دەكەین».

**بوونی ئەو هەموو ئافرەتە لە ریزی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچووی كوردستان، ئەو راستییە دەسەلمێنن كە ئافرەت گوێ بەو بەربەستانە نادات و تەوقی نەریتە ناڕەواكانیان شكاندووە. لەساڵانی داهاتووش چاوەڕوانی زیاتریان لێ دەكەین**

**بە درێژایی هەموو چاخەكان ئافرەت هەمیشە زیاتر لە پیاوان بڕوای بە ئازادی و كرانەوەی زیاتر بووە و ئاشتیخواز و ژیاندۆست و هەستیارتریش بووە**

**زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت كە دەڵێن: ئافرەت نیوەی كۆمەڵە، بەڵام بە بۆچوونی من لەم كاتەدا دەكرێ ئەم رستەیە بخرێتە ناو رستە ناڕاستەكان، چونكە لە رێژەی ئافرەت بەراورد بە پیاوان، بەتایبەتی لە وڵاتانی پڕكێشە و شەڕدا جیاوازییەكی یەكجار زۆر دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بە بێ گوێدانە داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان ئەو بەربەستە پۆلایینەیان شكاندووە كە ئافرەتی تیا گەمارۆ درابوو**

